له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# حوکمی گۆرانی

# لەلای

# چوار پێشەواکەی ئیسلام

( حُكْمُ الغِناءِ عِنْدَ الأَئِمةِ الأَربَعةِ رَحِمَهُم اَللّهِ )

**(( ئیمامی أبوحەنیفە ، ئیمامی مالیك ، ئیمامی شافعی ، ئیمامی ئەحمەد ))**

ڕەحمەتی خوایان لێبێت .

**وەرگێڕانی/ زریان سەرچناری**

---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي **لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ** لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ٦ ﴾ [لقمان]

﴿ لەم خەڵکەدا هی وا هەیە **قسەی بێسود** بەبێ زانیاری دەکڕن، تا خەڵکی پێ گومڕا بکەن و لەسەر ڕێبازی خوا نەیهێڵن، پاشان دەیکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان، ئەو کەسانە سزای سەرشۆڕکەر دەدرێن لە دۆزەخدا ﴾.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پێشەكی

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ ونَعُوذُ باللهِ مِن شُرُورِ أنفُسِنَا وسَيِئَاتِ أعْمَالِنَا مَن يَهْدِهِ اللهُ فلا مُضِلَّ لَهُ ومَن يُضْلِلْ فلا هَادِيَ لَهُ، وأشْهَدُ أن لاَّ إلَهَ إلاَّ اللهَ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وأشْهَدُ أن مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [ آل عمران] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء]

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب]. أمَّا بعْد ،،

فَإنَّ أصْدَقَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وَخيرُ الهَدْي هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم، وَشرَّ الأمُورِ مُحْدَثَاتُها وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٍ ، وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٍ ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار .

بزانە ! یەکێك لەو بابەتانەی کە پێویستە بیان ناسیت و حوکمەکەی بزانیت لە ئیسلامدا، مەسەلەی ئامێری موسیقا و گۆرانی یە ( آلاتُ الطَرَبِ والمعازِفِ والغِناءِ ) چونکە بە دڵنیاییەوە شەرعدانەری مەزن کە الله یە، حەرامێتی ئەو شتانەی بۆ ڕون کردوینەتەوە ...

وە دیارە کە لەلای زانایان حەرام بونی ئەو جۆرەشتانە چەسپاوە بە بەڵگەی بەهانەبڕ، کە لە قورئان و فەرمودە صەحیحەکانەوە وەریانگرتووەو حەرامێتی ئەو شتانەیان پێ ڕونکردۆتەوە، لەو زانایانەش چوار پێشەواکەی ئیسلام ( أبوحنیفة ومالك والشافعي وأحمد ) ڕەحمەتی خوایان لێبێت ...

ئەو پێشەوا بەڕێزانەش لەسەر ڕێنمایی و ئاینی ڕاست و دروست بوون، وە خاوەنی زانستی شەرعی بەسود بوون، وە خاوەنی کردەوەی باش بوون ...

ڕوناکیان درەوشاوە بووە، باشیەکانیان گەشاوە بووە، نیشانەکانیان پرشنگدار بووە، مەزهەبەکانیان بە پێزبووە، بەڵگەکانیان بە هێزبووە، چونکە قورئان توێشوویان بووە، وە فەرمودەکان بەڵگەیان بووە، ئاوڕیان نەداوەتەوە بۆلای هیچ کەسێك، لایان نەکردۆتەوە بۆ ڕای هیچ کەسێك، تەنها ئەوەیان لێ وەرگرتوون کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویانەتەوە، ئەمانیش دەست پاك و دادپەروەربوون، پارێزەرو هەڵگری ئاینەکەمان بوون، هەڵگرو تێگەیشتوی زانستەکان بوون.

ئەگەر ناكۆكی لە فەرمودەیەكدا دروست بوایە دەگەڕێندرایەوە لای ئەوان، ئیتر چی حوكمێكیان بدایە بەسەریدا وەردەگیراو پەسەند دەكرا بەبێ گومان.

چونكە ئەوان دادپەروەربون، وە لەسەر ڕێگاڕاستەكە بوون، تەنانەت زۆرێك لە بیدعەچی و خۆبەزانازان و لاساییكارانیش خۆیان وا نیشانداوە لەسەر مەزهەبی ئەوان بوون، داواكارم لە خوای گەورە دواڕۆژی گشتمان بكات ڕوون.

ئەم پێشەوایانە خوای خۆیان بەڕاست خستەوە بە دان نان بە قورئانەكەیدا وە پێغەمبەریشیانﷺ بە ڕاستگۆ داناوە لە سەرجەم فەرمودە ڕاستەكانیدا، بەرپەرچی خواو پێغەمبەریان ﷺ نەدەدایەوە بە دروستكردنی گومان، گوێڕایەڵیان دەكردن و فەرمانەكانیان جێبەجێ دەكردن و دەیانگەیاند...

ڕەحمەتی خوا لە(إِبْنُ القاسِمْ) بێت، كە گەورەیی چوار پێشەواكە ڕون دەكاتەوە و دەڵێت: بەڵگەی گەورەیی چوار پێشەواكە هەروەها پێشەواكانی تری ئیسلام، وە واجب بونی بەگەورە دانان و ڕێز لێگرتنیان وە قەدەغەكردنی ڕق لێ بونەوەیان و ئازاردانیان، لە ئایەت و فەرمودە صەحیحەكاندا ڕون وئاشكران، وە بەڵگە (عەقڵی ونەقڵیەكان) بە لێشاو گێڕدراوەتەوە دەربارەیان، چونكە ئەوان چاكەیان زۆرە بەسەرمانەوە لەبەر ئەوەی ئەم ئایینەیان گەیاندووە پێمان، وە سەرجەمی موسوڵمانان بڕیاریان لەسەر ئەوە بووە كە دەشێت كار بەمەزهەبەكانیان بكرێت هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە تاكو ئەمڕۆمان، بەڵكو هیچ

زانستێك بەدەست نایەت لە کتێبەکانی ئەوانەوە نەگات پێمان، وە لە ڕێگەی ئەوانەوە نەبێت ئایین ڕەوان ناکرێت و ناپارێزرێت بۆمان، بۆیە واجبە کە ڕێزیان لێبگیرێت و بەگەورە دابنرێن، نرخیان بزانرێت و گومانی خێریان پێ ببرێت، چونکە ئەوان باشترینی ئەم ئوممەتە بوون و جێنشینی پێغەمبەر بوون ﷺ ، هەروەها زانینی گوتەکانیان هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنان و زانیاری ڕاستی و تێگەیشتن لە مەسەلەکان بە دروستی. تەواو .

ئەم نامیلکەیەش فەتوای صەحیحی چوار پێشەواکە رضي الله عنهم ڕون دەکاتەوە دەربارەی حوکمی( آلاتُ الطَرَبِ والمعازِفِ والغِناءِ ) ئامێری مۆسیقا و گۆرانی، هەروەها چارەسەری کێشەیەکی گەورەی ئەمڕۆی موسوڵمانان دەکات، ئەو کێشەیەش نەزانینی حوکمی گۆرانیە لەم دنیا جەنجاڵ و ئالۆزەدا.

داواکارم لە خوای گەورە سودمان پێبگەیەنێت بەوەی کە دەیزانین، وە ئەوەیش کە سود بەخشە فێرمان بکات، وە ئەو زانستە بکات بە بەڵگە بۆمان لە دنیاو لە دوا ڕۆژدا و نەیکات بە بەڵگە بەسەرمانەوە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

أبو عبد الرحمن فوزي الأثري

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

باسی بەڵگەی چوار پێشەواكە دەربارەی حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقا

## مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێبێت :

له (أَبوالطَّيِّبْ الطِّبرِي) یەوە، كە فەرمویەتی:(كانَ أَبوحَنِيفةِ يُكرِهُ الغِناءَ، وَيَجْعَلُ سِماعِ الغِناءِ مِنْ الذُّنُوبِ )(i).

واتە: ئەبو حەنیفە ڕقی له گۆرانی بووە، وە گوێ لەگۆرانی گرتنی بە تاوان داناوە.

هەروەها گوتویەتی:(وَكَذلِكَ مَذْهَبِ سائِرِ أَهْلِ الكوفةِ ) (ii).

واتە ( ئەم بۆ چونەش مەزهەبی سەرجەم خەڵكی كوفە بووە ). وە لە ئەبو حەنیفەوە گێڕدراوەتەوە كە گوتویەتی: ( أَنّ الغِناءَ حَرامٌ فِي جَمِيعِ الأَديانِ ) (iii).

واتە: ( بەڕاستی گۆرانی لە سەرجەم ئایینەكاندا حەرامە ).

هەروەها ( اِبْنُ القَيِّم ) لە كتێبی ( إِغاثَةُ اللّهْفانِ لاپەڕە ٣٤٨ ) گوتویەتی: ( مەزهەبی ئەبوحەنیفە لە بارەی گۆرانیەوە لە توندترین مەزهەب بووە، وە گوتەی ئەبو حەنیفە خۆیشی لە هەموو گوتەكان توندو تیژتر بووە، وە هاوەڵەكانی بەڕاشكاوی گوێگرتن لە سەرجەم سەرقاڵكەرەكان ( مَلاهي ) یەكانیان بە حەرام

داناوه، وەك ( زوڕنا و دەف و تەنانەت ( الضَّربُ بِالقَضيبِ ) وە گوتویانە ئەمانە سەرپێچین، ئەوەی بیکات پێی فاسیق دەبێت و شایەتیدانی وەرناگیرێت، لەوەیش ڕونتر گوتویانە: ( إنَّ السِّماعَ فِسقٌ، والتلذُّذُ بِهِ كُفْرٌ ).

واتە: گوێگرتن لە گۆرانی سەرپێچیەو چێژوەرگرتن لێی کوفرە، ئەمە یەکێکە لە وتەکانیان. تەواو

## مەزهەبی ئیمامی مالیك ڕەحمەتی خوای لێبێت :

لە ( إسْحاقُ بنُ عِيسى الطَّباع )ــە وە گوتویەتی: ( سَأَلتُ مالكَ بنِ أَنَسَ عمّا يَتَرَخَصُ فِيهِ أَهْلُ المِدينةِ مِن الغِناءِ ؟ ).

واتە: ( لە ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەسم پرسی دەربارەی ئەوەی کە خەڵکی مەدینە ڕێیان بە گۆرانی داوە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ( إنّما يَفْعَلُهُ عِنْدَنا الفُسّاقُ!!! ).

واتە: لە لای ئێمە تەنها فاسیقەکان ئەوکارە دەکەن[١]. ( قُلْتُ: وَهذا يُبَيّنُ أَنَّ التَّرْخِيصَ في الغِناءِ لَيسَ مِن مَذهبِ الإمام مالك رحمه الله . ويؤيدهُ قَولُ عُلماءِ المِدينةِ ).

---

[١] أثر صحيح، أخرجه الخلال في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر [ص١٤٢] وابن الجوزي في تلبيس إبليس [ص٢٨٢] من طريق عبد الله بن أحمد عن أبيه عن إسحاق به . قلت : وهذا سنده صحيح ، وقد صححه الألباني في تحريم آلات الطرب [ص٩٨].

دەڵێم واتە( نوسەر ) ئەم گوتەیەش ئەوە ڕون دەکاتەوە کە ڕێپێدان بە گۆرانی لە مەزهەبی ئیمامی مالیك نییە ڕەحمەتی خوای لێبێت، پشت گیری ئەم گوتەیەشمان قسەی زانایانی ئەو کاتەی شاری مەدینەیە.

**هەروەها** ( أَبوالطَّيبْ الطَّبَرِي ) **گوتویەتی:** ( أَما مالكُ بنُ أَنَسَ فَإِنَّهُ نَهى عَن الغِناءِ وَعَن اِسْتِماعِهِ ... وَهوَ مَذهَبُ سائِرِ أَهلِ المدينةِ )، (١٧).

واتە: بەڵام ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس، نەهی کردووە لە گۆرانی و گوێ لێگرتنیشی ... ئەمەش مەزهەبی سەرجەم خەڵکی مەدینەیە.

**هەروەها** (ابن القاسم) دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئیمامی مالیك دەربارەی گۆرانی؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی : خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ ﴿٣٢﴾﴾. (یونس )

واتە: لەپاش ڕاستی چی هەیە جگە لە گومڕایی؟ ( أفحقٌ هو ) ئایا گۆرانی حەق و ڕاستیە؟ تەواو (١٨).

**هەروەها** لە (إبراهيم بنُ المنذِرِ المدَني) یەوە کە دەفەرموێت: پرسیار کرا لە ئیمامی مالیك، کە ئایا ئێوە ڕێتان داوە بە گوتنی گۆرانی؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :( مَعاذَ اللهِ ! ما يَفْعَلُ هذا عِنْدَنا إِلّا الفُسّاق).

واتە: پەنادەگرم بەخوا! كەس ئەوە ئەنجام نادات لەلای ئێمە فاسیقەكان نەبێت [1].

پاشان ( أَبوالطَّيبْ الطّبَرِي ) گوتی: ( وهوَ مذهبُ سائِرِ أَهلِ المدِينَةِ ).

واتە: ( ئەمەش مەزهەبی سەرجەم خەڵكی مەدینەیە ).

## مەزهەبی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت :

لە ئیمامی شافعیەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت، گێڕدراوەتەوە كە فەرمویەتی: تَرَكْتُ بِالعراق شَيئاً يُقالُ لَهُ (**التغْبِير**) أَحْدَثتهُ الزنادِقةُ يَصُدُّونَ النّاسَ عَن القُرآنِ [2].

واتە: لە عێراق شتێكم بەجێهێشتووە كە پێی دەگوترێت (تەغبیر) زەندیقەكان دایانهێناوە خەڵكی لە قورئان دوردەخەنەوە پێی.تەواو (زەندیق واتە منافق و لەدین دەرچوو).

---

(١) أثر صحيح، أخرجه الخلال في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر [ص١٤٢] من طريق العباس بن محمد الدوري قال سمعت إبراهيم به .قلت : وهذا سنده صحيح .

(٢) أثر صحيح، أخرجه أبو نعيم في الحلية [ج٩ص١٤٦] والخلال في الأمر بالمعروف [ص١٥١] وابن الجوزي في تلبيس إبليس [ص٢٨٣] من طريقين عن الحسن بن عبد العزيز الجروي قال سمعت الشافعي به، قلت: وهذا سنده صحيح

(نوسەر دەڵێت) **التَغْبِير** : هو شعرٌ يُزهّد في الدنيا يُغني بهِ مُغنٍ فَيَضرِبُ بَعضَ الحاضرينَ بِقضيبٍ على نَطعٍ أو مَخدّةٍ على تَوقيعِ غِنائِهِ(١).

**تەغبیر: جۆرە هۆنراوەیەك بووە باسی دەست بەردانی دەكرد لە خۆشیەكانی دونیا، یەكێك ئەو هۆنراوەیەی دەخوێندەوەو هەندێك لە ئامادەبوانیش بە دارێك دەیاندا بە كەوڵێك دا یان سەرینێك دا لەسەر لەحن و شێوازی گۆرانیەكە.**

**وە** ( ابن تيمية ) **لـە** (الفتاوى) (ج١١ص٥٠٧) **فەرمویـەتی**: ( وما ذَكَرَهُ الشّافعيُ مِن أنهُ مِن إحداثِ الزنادقةُ فَهوَ كلامُ إمامٍ خَبيرٍ بِأصولِ الإسلامِ ، فإنَّ هذا السِماع لَمْ يَرغَبْ فيهِ وَيَدعو إِلَيهِ في الأصلِ إلا مَن هوَ مُتَّهَمٌ بِالزندقةِ ) .

**واتە: ئەوەیش كە ئیمامی شافعی گوتویەتی كـە ئـەو كـارە زەندیقـەكان دایـان هێنـاوە، گوتـەی پێشـەوایەكی شـارەزایە بـە بنـەماكانی ئیسـلام، چـونكە ئـەو گۆرانیانە لە بنچینەدا، هیچ كەس پەسـەندی نـەكردوە و بانگەشـەی بـۆ نـەكردووە مەگەر كەسێك كە گومانی زەندیق ی لێكرابێت.**

**وە** (ابن الجوزي) **گوتویـەتی**: ( وَقَدْ كانَ رُؤَساءُ أصحابِ الشّافعي رضيَ اللهُ عَنهمْ يُنكرونَ السّماعَ . الغناء . ) (vi).

(١) انظر إغاثة اللهفان لابن القيم [ج١ص٣٥١] وإن التغبير في لسان السلف هو الغناء مسألة السماع [ص١٢٣].

**واتە: بەڕاستی سەركردەكان لـە هـاوەڵانی ئیمامی شافعی ڕەحمـەتی خوایان لێبێت، گۆرانیان بە ناشرین داناوە و ئینكاریان لێكردووە. تەواو**

**وە ( أَبوالطَّيبْ الطَّبَرِي ) ڕەحمەتی خـوای لەسـەربێت فەرمويـەتی:** لا يجوز الغناء ولا سماعـه ولا الضـرب بالقضـيب، قـال ومـن أضـاف إلى الشـافعي هـذا فقـد كـذب عليه(vii).

**واتە: گۆرانی گوتن و گوێگرتن لێی دروست نییە، هەروەها** ( الضرب بالقضيب ) **یش دروست نییە، هەر كەسێكیش حـەڵاڵ كردنـی ئـەو شـتانە بداتـە پـاڵ ئیمـامی شافعی ئەوا درۆی بەدەمەوە كردووە. تەواو**

**وە ( ابن الجوزي ) فەرمويـەتی:** فهذا قول علماء الشافعية وأهل التدين منهم، وإنما رخص في ذلك من متأخريهم من قلّ علمه وغلبه هواه(viii).

**واتە: ئەمەش گوتەی زانایان و خەڵكە بەدینەكانی مەزهەبی شافعی یە، بـەڵكو ئەوەی كە ڕێی داوە بەو شـتانە** (متأخرين) **واتـە دواییـنـەكانیان بـوون كـە زانسـتی شەرعییان كەم بووە و ئارەزوەكانیان زاڵبون بەسەریاندا.**

**وە ئیمـامی شـافعی ڕەحمـەتی خـوای لەسـەر بێـت خـۆی لـە كتـێبی** ( الأم ) ( ج٦ص٢٠٩ ) **فەرمويـەتی:**(إن الغناء لهو مكروه يشبه الباطل، ومن استكثر منه فهو سفيه ترد شهادته.

**واتە: بە ڕاستی گۆرانی سەرقاڵکەرەیە و مەکروهە، چونکە لەباتڵ دەچێت، هەرکەسێکیش زۆر تیا ڕۆبچێت ئەوە کەم عەقڵەو شایەتیدانی وەرناگیرێت.** قوله ( مكروه ) يعني محرم وهذا عند المتقدمين .**( نوسەر دەڵێت ) ( مەکروه ، لە لای پێشینەکان بە واتەی حەرام دێت).**

**وە** ( أَبوالطَّيبْ الطَّبَرِي ) **فەرمویەتی:** (وإنما جعل صاحبها سفيها لأنه دعا الناس إلى الباطل ومَن دعا الناس إلى الباطل كان سفيهاً فاسقا )(ix).

**واتە: بۆیە ئیمامی شافعی ئەوکەسانەی ناو بردووە بە** (سَفِيه) **واتە کەم عەقڵ، چونکە خەڵکی بانگەشە دەکات بۆلای بەتاڵ، وە هەر کەسێکیش خەڵکی بانگ بکات بۆ لای بەتاڵ ئەوە کەم عەقڵ و خراپەکارە.**

**وە** ( ابن القيم ) **لە کتێبی** ( إغاثة اللهفان ) **لاپەڕە (٣٥٠) دا دەڵێت:** (والشافعي وقدماء أصحابه، والعارفون بمذهبه من أغلظ الناس قولا في ذلك ).اهـ. يعني في الغناء..

**واتە: ئیمامی شافعی و هاوەڵە کۆنەکانی وە ئەوانەی بەمەزهەبی ئەو ناسراون، توندوتیژترین گوتەیان هەبووە دەربارەی ئەو بابەتە. (واتە بابەتی حەرامێتی گۆرانی).**

## مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەمبەل ڕەحمەتی خوای لێبێت:

**له** ( عبد الله کوڕی أحمد کوڕی حنبل )**ـەوە، دەڵێت:** ( سألت أبي عن الغناء فقال : الغناء ينبت النفاق في القلب لا يعجبني).

**واتە: پرسیارم کرد له باوکم دەربارەی گۆرانی؟ ئەویش گوتی : گۆرانی دوڕوویی له دڵدا دەچێنێت ، بۆیە پەسەندی ناکەم** [(١)] .

**وە لە** ( أبي الحارث )**ـەوە فەرمویەتی:** (سألت أبا عبد الله ما ترى في التغبير أنه يرقق القلب ؟ فقال: بدعة).

**واتە: لە ئیمامی ئەحمەدم پرسی ڕات چۆنە دەربارەی (تەغبیر) (جۆرێك بووە له گۆرانی) کە دەڵێن دڵ نەرم دەکات؟ ئەویش لەوەلامدا گوتی: بیدعەیە** [(٢)] .

**(نوسەر دەڵێت)** ( التغبير نوع من الغناء كما تقدم).

**وە** ( ابن الجوزي ) **فەرمویەتی:** فأما الغناء المعروف اليوم فمحظور عنده . الإمام أحمد . كيف ولو علم ما أحدث الناس من الزيادات(X).

---

(١)أثر صحيح، أخرجه الخلال في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر [ص١٤٢] عنه به، قلت : وهذا سنده صحيح . وذكره ابن الجوزي في تلبيس إبليس [ص٢٨٠] .

(٢) أثر صحيح، أخرجه الخلال في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر [ص١٥١] من طريق محمد بن أبي هارون ومحمد بن جعفر أن أبا الحارث حدثهم به، قلت : وهذا سنده صحيح .

واتە: لەڕاستیدا ئیمامی ئەحمەد گۆرانی ئەو كاتەی بەلاوە حەرام بووە، جا چۆن دەبوو ئەگەر بیزانیایە كە خەڵكی ئەمڕۆ چیان بۆ زیادكردووە ؟ تەواو.

منیش دەڵێم – واتە نوسەر – ڕەحمەتی خوا لە ئیبنو جەوزی بێت، ئەی ئەگەر بیزانیایە خەڵكی چی زیادەیەكیان داهێناوە لە بارەی گۆرانیەوە، لەم سەردەمەماندا!!!

**هەروەها** ( ابن الجوزي ) **فەرمویەتی:** وقال الفقهاء من أصحابنا . يعني الحنابلة . لا تقبل شهادة المغني والرقاص ، والله الموفق (xi).

**واتە: زانایانی خۆمان گوتویانە – واتە حەمبەلیەكان – شایەتیدانی گۆرانی بێژ و سەماكەر وەرناگیرێت. تەواو .**

**هەروەها** ( ابن تيمية ) **لە** ( الفتاوى ج١١ص٥٧٦ ) **فەرمویەتی** : فَمذَهَب الْأَئِمَّةُ الْأَرْبَعَةُ : أَنَّ آلَاتِ اللَّهْوِ كُلَّهَا حَرَامٌ.

**واتە: لە مەزهەبی هەرچوار پێشەواكەدا ئامێرە سەرقاڵكەرەكان هەمووی حەرامن، واتە ئامێری مۆسیقا و گۆرانی.**

**وە** (ابن القيم ) **لە** (إغاثة اللهفان- ج١ص٣٥٠- ) **فەرمویەتی:** فليُعلم أن الدف والشّبابة والغناء إذا اجتمعت فاستماع ذلك حرام ، عند أئمة المذاهب وغيرهم من علماء المسلمين.

واتە: با بزانرێت كە لێدانی دەف و(شەبابە، كە ئامێرێكە) و گۆرانی ئەگەر كۆكرانەوە، ئەوەگوێ لێگرتنیان حەرامە، لە لای ئیمامی مەزهەبەكان و جگە لەوانیش لە زانایانی موسوڵمان. تەواو

وە ( ابن تيمية ) لە ( منهاج السنة - ج٣ص٤٣٩-) فەرمویەتی: الأئمة الأربعة ، فإنهم متفقون على تحريم المعازف التي هي آلات اللهو،كالعود ونحوه.

واتە: ( هەر چوار پێشەواكە پێكهاتون لەسەر حەرامێتی (معازف) كە بریتیە لە ئامێری مۆسیقا، وەك عود و هاوشێوەكانی.تەواو

هەروەها ( شيخ ناصرالدين الألباني ) لە(تحريم آلات الطرب - ص١٠٥) دا فەرمویەتی: إنَّ العلماء والفقهاء ـ وفيهم الأئمة الأربعة ـ متفقون على تحريم آلات الطرب اتباعاً للأحاديث النبوية ﷺ، والآثار السلفية.

واتە: بە ڕاستی زانایان و تێگەیشتوان لە دین – چوار پێشەواكەی ئیسلامیش – پێكهاتون لەسەر ئەوەی كە ئامێرەكانی مۆسیقا حەرامن، ئەمەش شوێن كەوتنی فەرمودەكانی پێغەمبەرو ﷺ گوتەی پێشینەكانە.تەواو

جا ئەو چوار پێشەوایە كە دیارترین زانایانی ئیسلامن حوكمی حەرامێتی گۆرانی و مۆسیقایان داوە (سماع آلات الطرب والمعازف والغناء) ئیتر كێ بێ لە مان شارەزاتر بێت و پێچەوانەی گوتەی ئەوان بیلێت؟ دیارە كە لە دوای حەق و ڕاستیش هەر شتێكی تر بێت گومڕاییە .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

i ) انظر تلبيس إبليس لابن الجوزي [ص٢٨٢] وإغاثة اللهفان لابن القيم [ص٣٤٧].

ii ) انظر تلبيس إبليس لابن الجوزي [ص٢٨٢].

iii ) انظر روح المعاني للألوسي [ج٢١ص٦٧] .

iv ) انظر تلبيس إبليس لابن الجوزي [ص٢٨٢] .

v ) انظر جامع أحكام القرآن للقرطبي [ج١٤ص٥٢] .

vi ) انظر تلبيس إبليس [ص٢٨٣] .

vii) انظر المصدر السابق .

viii) انظر المصدر السابق .

ix ) انظر مسألة السماع لابن القيم [ص١١٩] .

x ) انظر تلبيس إبليس [ص٢٨٤] .

xi ) انظر المصدر السابق .